

فەهد گردەوانی

# حەماس...فەلەستین...کوردستان



نووسەرانی کورد گەلێک جار دەربارەی فەلەستین چیرۆک ، پەخشان ، شیعر ، وتار...هتد نووسیووە...بە چەپرەو و راستڕەو بە بەژن و باڵای گەلی فەلەستین گوتراوە و نووسراوە...فەلەستینیەکان ئاوارەی سەرتاسەری دنیا بوون...ئەو بیستوئەوەندە دەوڵەتەی عارەبی نەبووە پشتوپەنایان ، لەهەر یەکێک لەو وڵاتانە فەلەستینی بە پلەی دووەم و دەیەم و شتی وا دەژمێردرێن...ئەگەر چی باسی دەوڵەتی فەلەستین و مافی گەرانەوە و رزگارکردنی خاکی داگیرکراو هەردەم لەسەر زاری ئەو وڵاتە عارەبانەیە... حەماس [حرکە المقاومە الاسلامیە] بووە نوێنەری هەڵبژاردەی ئەو گەلە و لە دەنگدانی دیموکراسیانە بردیەوە و دەنگی خەلکی بۆ خۆی







راکێشا...حەماس بە چاوقایمی و بە سیاسەتی خۆی لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلام دەتوانی ئاشتی بەرقرار بکات و دەوڵەتی فەلەستین لە تەنیشت دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێنی بەو مەرجەی هەر ئەو حەماسەی کە هاواری دەکرد {دەوڵەت نیە ناوی ئیسرائیل بێت} دەبێ دانبنێ بە کیان و بوونی ئیسرائیل و دەبێ لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا پەیوەندی چاک و توندبکات ئەگەر نا لەبرسان دەمرێت و لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە تەنها دەمێنیتەوە ...ئەو دوو رووی یە لە سیاسەت کە لەلایەن گروپە بەناو ئاینییەکان پەیڕەوی دەکرێت ، زۆر ئاشکرایە و درۆ لەگەڵ جەماوەر دەکەن و جەماوەریان هەڵدەخەڵەتێنن بە درووشمی زل زل و جوان و بریقەدار پاشان لە ژێرەوە بە دڵی خۆیان رێک دەکەون...بەر لەماوەیەک لێپرسراوانی حەماس کەیفخۆشیان دەردەبڕی گوایە سەرۆکی ئێران ئەحمەدینەژاد داوای کردووە کە جووەکان بگەرێنەوە ئەوڕوپا و دەوڵەتی ئیسرائیلی نەمینێ...خومەینی دەیگوت فەلەستین رزگاردەکەم کە بە بەغدا دابڕۆم و سوریاش لە رێگای

بەیروتەوە جۆلان رزگار دەکات..هتد. ...پیاوە ئایینیەکانی لای خۆمان بە ئەمری صدام حوسێنی فاشی و رژیمی بەعسی گۆڕبەگۆر دەجولانەوە و لە بڵینگۆی مزگەوتەکان بە حفظ الله ناویان دەبرد و خوتبەی ئایینی کە لە دەزگای سیخوری و ئاسایشی دەردەچوو و دەخوێندرایەوە، هیچ کامیان جیهادیان لە دژی کارەستاتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفاڵ رانەدەگەیاند ، کەچی ئێستاکە دار و بەردیان کردووە بە دروشمی جیهاد...حەماس ئەو ئاشتیە دروست دەکات کە گروپی عیلمانی و فەتح بۆی بڤە بوو دروستی بکات...پارتی کاری ئیسرائیل سەختە بتوانی مافەکانی فەلەستینیەکان قەبووڵ بکات بە گران دەوەستێ لەسەری و سەرتاسەری خەڵکی ئیسرائیل لە دژی دەوەستێت ، بەڵام بۆ شارۆنی مرۆڤ کوژ و جەلاد ئاسانە رێک بکەوێ و لەوەی [العمل]یش زیاتر مافەکە بۆ



فەلەستینیەکان شلبکات ، خەڵکی شۆڤینی جوو و ئیسرائیل هیچ ناڵێن...بۆ حەماس گونجاوە باسی دەوڵەتی نائیسلامی بکات بۆ فەلەستینییەکان بەڵام کە لە حوکم نەبوو بە الله اکبر و دروشمی ئیسلامی خەڵکی لەسەر شەقامەکان هەڵدەپەڕاند...ئێستاکە حەماس رێگا نادات گروپەکانی فەلەستینی لە دژی ئیسرائیل خۆکوژی و شەری چەکداری بکەن واتە حەماس پارێزگاری لە ئاسایشی ئیسرائیل دەکات ، ئەو گەلە بەستەزمانەش هەر بەردەوام دەبێت لەو دروشمانەی کە خەونی پێوە دەبینێت...نەبوونی کارەبا و گاز و نەوت و ئاوی پاک و دەیان گیروگرفتی تر هیچ ئەو خەڵکەی لای خۆمان ناجولێنی ، بەڵام حیزبەکەی مامۆستا عەلی باپیر توانی لە دژی کاریکاتۆری محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام خەڵک بە الله اکبر بێنیتە سەر شەقامی پایەتەخت و لە دژی دانیمارک دەنگ هەڵببڕن...هەردوو زلحیزب بوونە پاشکۆ لەو خۆپیشاندانە...ئەرێ خەڵکی کوردستان کەس دەنگ هەڵنابڕێ و داوای نەوت و بەنزین و گاز و کارەبا و ئاوی پاک ناکەن...ئەی بۆ دژی سەرپێچیەکەی ئیبراهیم جەعفەری هەردوو زلحیزب خەڵکیان نەهێنایە سەر شەقام و داوای لیبکەن ریزی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرە و پرسیان پێبکە کاتێک سەفەر دەکەیت...

فـــەهـــد گـــردەوانـی 2006/3/12ستۆکهۆڵم